وەزارەتی داد
ژمارە: ٢٤٥٢ لە ٢٠٢٦/٧/٢

بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٦

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧، وە لە بەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:

١- بۆ گونجاندنی ناوی فەرمانگەی دادنووسی سەڵاحەددین لەگەڵ ناوی یەکەی ئیداری (قەزای پیرمام) ناوی فەرمانگەی دادنووسی سەلاحەددین بگۆڕدێت بۆ (فەرمانگەی دادنووسی پیرمام).

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

فەرست احمد عبدالله
وەزیری داد

وەزارتی شارەوانی و گەشتوگوزار
ژمارە:٦٩٢١ لە ٢٠٢٦/٧/٧

بەیانی ژمارە (٢)ساڵی ٢٠٢٦

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بە گوێرەی بڕگەی (١)لە ماددە (١٠) لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ ی هەموارکراو وە لە بەر بەرژەوەندی گشتی و گەیشتنی ژمارەی دانیشتوانی قەزای خورماڵ لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەڵەبجە بۆ (٢٧٨٦٥)کەس بڕیارماندا بە:-

١-گۆڕینی پلەی شارەوانی خۆرماڵ لە پلەی (٣)بۆ پلەی (٢) .

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

ساسان عەونی
وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار